# كارامەیی ئەكادیمی

## ئامادە كردنی پۆستەری ئەكادیمی

مامۆستایانی بابەت
د. جوان زرار فتح الله
م. هێژا حامد مصطفی

# پۆستەر چیە؟

پۆستەر بریتیە لە پەڕاوێکی چاپکراو کەبەشێوەیەك دیزاین کراوە بۆ ئەوەی هەڵبواسرێ لەسەر دیوار بەشێوەی ستوونی یان ئاسۆیی. هەموو نووسینی پۆستەریك بەشێوەی دەق و وێنەی جۆراوجۆر لەخۆی دەگرێ. لەکاتێکدا, دەکرێ پۆستەر تەنها بەشێوەی دەقی نووسین دیزایین بکرێ و بنووسریتەوە یان تەنها بەشێوەی وێنە (گرافیك)ی دیزایین بکرێ. پۆستەر دەبێت بەشێوەیەك دیزاین بکرێ کە سەرنج ڕاکێش و پڕ زانیاری بێت لەهەمان کاتدا. پۆستەر دەتوانرێ بۆ زۆر مەبەست بەکاربهێنرێ, لەوانە بەکاردێت وەکو ئامرازێك لەبواری ڕێکلام کردندا (بەتایبەتی بۆ بۆنەو فیلم و گۆرانی و مۆسیقا), وەهەروەها بۆ پڕۆپاگەندە کردن, خۆپیشاندان, زۆر بابەتی تر کە پەیامێك لەخۆی بگرێ بۆ گەیاندن بە جەماوەر.

# جۆرەکانی پۆستەر چین؟

1. پۆستەری بۆنەکان.

2. پۆستەری ئەکادیمی.

# 1. پۆستەری بۆنەکان:

پۆستەری بۆنەکان لەبواری ڕێکلام کردندا بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاردێت. هەر جۆرە بۆنەیەکی گشتی وەکو یاری و پێشبڕکێیەکان پۆستەر بەکاردەهێنن بۆ ڕێکلام کردن.

**پۆستەری بۆنەکان ئەم کەرەستانە لەخۆ دەگرێ:**

1. لۆگۆ.
2. ناونیشان.
3. وێنەکان.
4. دروشم.
5. کات و شوێن.

## کاتێك پۆستەری بۆنەکان دیزاین دەکەین دەبێت ئەم خاڵانە لەبەرچاوبگیرێ:

قەبارەی پەڕاو. A3 42 × 29.7 cm

جۆری فۆنت و قەبارەکەی.

بەکارهێنانی ڕەنگی کاریگەر.

بەکارهێنانی نووسینی کورت و پوخت.

ڕێکخستنی وێنەکان لەگەڵ دەقی نووسینەکان.

## 2. پۆستەری ئەکادیمی:

پۆستەری ئەکادیمی لە ناوەندە ئەکادیمیەکان بەکاردێت وەکو کۆنفرانس و ووڕك شۆپ...هتد. لەهەمان کاتدا پۆستەر بەکاردێت بۆ پیشاندانی ( نمایش کردنی ) توێژینەوەیەکی زانستی بۆ جەماوەرێکی دیاری کراو. لە پۆستەری توێژینەوەی زانستی, زانیارییەکان بەشێوەیەکی کورت و پوخت و سەرنج ڕاکێش دەنووسرێتەوە.

پۆستەری ئەکادیمی بەشێوەیەکی گشتی پێك دێت لە کورتە نووسین ( دەق ), خشتە , گراف, وێنە و چەندین شێوەی تری پێشکەش کردن.

لەکاتی کۆنفرانسدا توێژەر لە لایەکی پۆستەرەکەی دەوەستێت و ناوەڕۆکی پۆستەرەکەی ڕوون دەکاتەوە بۆ ئامادەبووان و بەشداربوانی کۆنفرانسەکە. لێرەدا پرسیار کردن و گفتوگۆ دروست دەبێت لەنێوان توێژەر و ئەندامەکانی تری کۆنفرانسەکە.

# پۆستەری ئەکادیمی ئەم کەرەستانە لەخۆ دەگرێ:

1. هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی بابەتێکی ئەکادیمی.

2. نووسینی دەق بەجۆرێك لە 300-400 ووشە تێپەڕ نەکات.

3. وێنەکان ئامادەبکرێ.

4. دیزاینکردنی شێوازی نووسینی پۆستەرەکە.

5. هەڵبژاردنی ڕەنگی گونجاو.

# کاتێك پۆستەری ئەكادیمی دیزاین دەكەین دەبێت ئەم خاڵانە لەبەرچاوبگیرێ:

قەبارەی پەڕاو cm 59.4 ×84.1

جۆرو قەبارەی فۆنت.

بەكارهێنانی ڕەنگی سەرنجراكێش بەشێوەیەكی ڕێكخراو.

ڕەچاوكردنی ڕیزبەندی لە پیشاندانی بابەتەكان بەشێوەیەكی ڕوون.

بەكارهێنانی خاڵبەندی, دانانی ژمارە, دانانی سەردێر بەشێوەیەكی ڕوون.

ڕێكخستنی پۆستەر بەشێوەی ستوونی.

دەوڵەمەندكردنی پۆستەر بە دانانی وێنە و گرافیك  چونكە وێنەكان بۆخۆیان دەدوێن.

تێكهەڵكێشانی ووشەكان لەگەڵ وێنەكان.

ڕەچاوكردنی هاوسەنگی لە نووسین و بۆشایی بەتاڵ لەسەر پۆستەرەكە.

نووسین بەلەبەرچاوگرتنی جەماوەر.

## جۆر وقەبارەی فۆنتی پۆستەر بەشێوەیەکی گشتی :

ئەو فۆنتەی بەکاردێ لە نووسینی پۆستەر دەبێت لەجۆری بێت. Sans-Serif

لەزانکۆی سەڵاحەددین قەبارەی خوازراو بۆ پۆستەری ئەکادیمی بریتیە لە قەبارەی.A1

قەبارەی فۆنتی ناونیشان (90-70).

قەبارەی فۆنتی سەردێری لاوەکی (54-48).


قەبارەی فۆنتی ناوی نووسەر و سەرپەرشتیار (44-40).

قەبارەی فۆنتی ناوی بەش, کۆلێژ و زانکۆ (40-36).

قەبارەی فۆنتی دەقی ناوەڕۆك (36-32).

قەبارەی فۆنتی سەردێری ناو دەق (24-20).

# قەبارەکانی پۆستەری ئەکادیمی



## پۆستەری ئەکادیمی لەڕووی ناوەڕۆکەوە دوو جۆر لەخۆدەگرێ:

1. پۆستەری توێژینەوە.
2. پۆستەری چارەسەرکردنی کێشەیەك.

## 1. پۆستەری توێژینەوە.

### پێکهاتەی پۆستەری توێژینەوە بریتین لەمانەی خوارەوە؛

ناونیشان.

پێشەکی.

ڕێگاکانی توێژینەوە.

ئەنجامەکان.

گفتوگۆ.

دەرئەنجام.

سەرچاوەکان.

# 1. پۆستەری چارەسەرکردنی کێشەیەك.

## پێکهاتەی پۆستەری چارەسەرکردنی کێشەیەك بریتین لەمانەی خوارەوە:

ناونیشان.

پێشینەیەك ( باکگراوەند ).

پێناسەی کێشەیەك.

خستنەرووی چەند چارەسەرێك.

هەڵبژاردنی یەك چارەسەر بەدانایی.

جێ بەجێکردنی چارەسەرەکە.

هەڵسەنگاندن.

# سوپاس بۆ هەمووان